ROJî GEl , Weekly Newspapper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK

# هونەرمەندانی کورد بەگۆرانی، مانگی گوڵان ئەلبومباران دەکەن



سەرچاوەکانی هەواڵەکانی باکوری کوردستان ئاشکرایان کرد کە ژمارەیەک سترانبێژی کورد لەمانگی گوڵاندا ئەلبومەکانی خۆیان بڵاوبکەنەوە.

بەگوێرەی ئەو سەرچاوانە بڕیاروایە لە هەفتەی داهاتوودا هەریەکە لە هونەرمەندان **'مەهمەت ئاتلی، دیار، خەمگین بیرهات، ڕۆژهات** و **ئەیفەر دوزداش'** ئەلبومەکانی خۆیان بڵاو بکەنەوە. ئەمەش دوای ئەوەی لەمانگی رابردوودا هەریەکە لە **' خەلیل خەمگین**، **بلند** **ئیبراهیم**، **ئارمانج**، **سلبوس**، **تارا** و **ئارامۆ'** بەرهەمەکانی خۆیان بڵاوکردبۆوە، ئیدی نۆرەی سترانبێژەکانی دیکە هاتووە کە مانگی گوڵان ئەلبومباران بکەن.

سەبارەت بە دواین ئەلبوم کە بڕیاروایە لەهەفتەی داهاتوودا بڵاوبێتەوە، دیار بە ئازادیا وەلاتی ڕاگەیاندووە کە ئەلبومەکەی سێزدە تراکتی لەخۆ گرتووە، هۆنراوەی نۆ گۆرانی هی خۆیەتی، چوارەکەی دیکەش لە فۆلکلۆرەوە وەرگیراون. گۆرانیەکانی ئەم ئەلبومەی دیار لە هەر سێ زاراوەی کرمانجی سەرو، خوارو زازاکی پێکهاتووە، ئەمەش هونەرێکی بەرزەو لاگیرو هەواداری زیاتر بۆخۆی پەیدا دەکات.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەیفەر دۆزداش ئاشکرای کردووە کە ئەویش لەو ئەلبومەی کە لەمانگی گوڵان بڵاوی دەکاتەوە، گوڵبژێرێکی لەنێوان زاراوەکانی کرمانجی، سۆرانی و زازاکی کردووە، بەهەر سێ زاراوە گۆرانی دەچڕێ.

هەرچی مەهمەت ئاتڵی سترانبێژیشە ئەلبومی خۆی ناوی **'وندا'** ی لێناوە، هۆنراوەی هۆنەرانی ناوداری هەڵبژاردوە، ئەویش هەوڵی داوە بە هەموو زاراوەکان گۆرانی بڵێ، بۆ ئەم مەبەستەش هۆنراوەیەکی هۆنەری ناوداری کورد، مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێوی هەڵبژاردووە. لەسەریەکەوە ئەلبومەکەی ئاتلی لە دوازدە تراکتی هەمەڕەنگ پێکهاتووە، چاوەڕوانی پێشوازی گەرمی لێدەکرێ، چونکە ساڵی ٢٠٠٣ کاتێک مەهمەت ئاتڵی یەکەمین ئەلبومی خۆی لەژێر ناوی **ژەهر** بڵاوکردەوە دەنگی دایەوەو پێشوازێکی گەرمی لێکرا.

ستران گوتن بە زاراوە جۆراوجۆرەکانی کوردی وەکو مۆدێلێکی پێشکەوتوو پێوانە دەکرێ، بۆیە زۆربەی هونەرمەندا هەوڵ دەدەن خۆیان تاقی بکەنەوەو سوودی لێوەربگرن، چونکە بەوهۆیەوە دەتوانن سەرنجی زۆرترین کوردستانی رابکێشن.

# ژەنیارێکی ئێرانی خەڵاتی هونەرمەندی ئەمساڵی ئۆسلۆ وەردەگرێ



پارێزگاری شاری ئۆسلۆی وڵاتی نۆرویژ شانازی هونەرمەندی ئەمساڵی ئۆسلۆی بە ژەنیارێکی ئێرانی بەخشی.

پارێزگاری ئۆسلۆ کە ساڵانە هونەرمەندی ساڵ دیاری دەکات و خەڵاتی پێدەدات، ئەمساڵ ژەنیارێکی ئێرانی بەناوی **جاویدی ئەفسەرڕاد** وەک هونەرمەندی ساڵ دیاری کردو خەڵاتی پێدا.

جاویدی ئەفسەرڕاد کە ئاوازدانەرو سەنتورژەنێکی ناسراوی ئێرانیەو ساڵی ١٩٨٦ چۆتە نۆرویژ و ساڵی رابردووش وەک ئاوازدانەری ساڵ لەلایەن رادیۆو یەلەفزیۆنی نۆرویژەوە دەستنیشان کرابوو، ئەمساڵیش وەک هونەرمەندی ساڵ لە شاری ئۆسلۆ دەستنیشان کرا.

**فابیان ئاستانگ** پارێزگاری شاری ئۆسلۆی پێتەختی وڵاتی نۆرویژ لە خەڵاتکردنی هونەرمەندانی ساڵ، خەڵاتی بە جاویدی ئەفسەرڕاد داو سەرسامی خۆی دەربڕی و رایگەیاند کە جاوید بەهۆی چالاکیە هونەریەکانی و لێهاتوویی لەبواری مۆزیکدا وەک هونەرمەندی ساڵ هەڵبژێردراوە، لەراستیشدا شایانی ئەو نازناوەیە.

پارێزگاری ئۆسلۆ ستایشی رۆڵی جاویدی ئەفسەرڕادی کردو وەک هونەرمەندێکی داهێنەرو رێبەر لە بواری مۆزیکی فرە نەتەوەیی ئاماژەی پێکرد.

ئەفسەرڕاد کە تەمەنی ٤٤ ساڵەو لە دایکبوونی شاری ئیسفەهانی وڵاتی ئێرانە و شوێنپەنجەی لە زەمینەی هونەری مۆزیکی نەتەوەیی دیارە توانی براوەی ئەمساڵی شاری ئۆسلۆ بێ.

جاوید هەر لە منداڵیەوە دەستی بە خوێندنی مۆزیک کردووەو درێژەی بە ژەنیاری داوە، کاتێک چۆتە وڵاتی نۆرویژ، وێڕای ئەوەی لە کۆمەڵگەی ئێران دوور کەوتۆتەوە، بەڵام دەستبەرداری هونەرەکەی نەبووەو درێژەی پێداوە و لە زانستگەی ئۆسلۆدا بەشی مۆزیکی تەواوکردووە.

جاوید بەرهەم گەلێکی زۆری داهێناوە، پارێزگاری ئۆسلۆ فابیان ئاستانگ لەنێو قسەکانی خۆیدا ئاماژەی بەو ئۆرکسترایەدا کە جاوید بۆ رادیۆو تەلەفزیۆنی نۆرویژ بەرهەمی هێناوەو بە بەهادارو کەموێنەی وەسف کرد.

لەو رێوڕەسمەدا کە بۆرێزلێنانی هونەرمەندان بەڕێوەچوو، سێ هونەمەندی نۆرویژی و گروپێکی شانۆی ئەفریکاش ڕێزیان لێگیراو خەڵات کران.

جاوید ئەفسەر لەکاتی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکە لە سەفەری ئەمریکا دابوو، بەڵام بەر لەوەی سەردانەکەی بۆ ئەمریکا دەست پێبکات، پارێزگاری ئۆسلۆ بۆ نووسینگەی خۆی بانگهێشتی کردو بە فەرمی پێیراگەیاند کە ئەو بە هونەرمەندی ئەمساڵی ئۆسلۆ هەڵبژێردراوە و پیرۆزبایی لێکرد. ئەمەش بۆ ڕەوەندی ئاسیاییەکانی ئەو وڵاتە مایەی خۆشحاڵی بوو.

# بلیمەتێکی بێ دەست و پێ

رۆژنامەیەکی ئەڵمانی، بلیمەتێکی بێ دەست و قاچی بە جیهانیان ناساند.

بەگوێرەی ئەو رۆژنامەیە، ئەو بلیمەتە ناوی **کریستیان هانز**ەو لە شاری ڕۆستۆکی وڵاتی ئەڵمانیا دا دەژی.

دایک و باوکی بە رۆژنامەکەیان راگەیاندووە کە کاتێ کوڕەکەیان هاتۆتە دنیاوە، دەست و قاچی نەبووە، بەوهۆیەوە هیوای مانەوەی لەژیان بەکەم دانراوە، بەڵام ئەوان بەشێوەیەکی دڵسۆزانە کۆرپەکەیان بەخێو کردووە، بەهاوکاری ئەوانیش فێری مۆزیک بووە، توانایکی کەموێنەی هەیەو ئێستاش وەکو بلیمەت دەناسرێ.

ئەو بلیمەتە هیوا بە کەمئەندامان دەدات تا لە ژیان بێ ئومێد نەبن و گەشبینانە لە



داهاتوو بڕوانن.

ئەو بلیمەتە بە هۆی نەخۆشیەکی سکماکی کە لە جینەکانی ئەودا بووە، دەست و قاچی بۆ دروست نەبووە، کەچی توانای خۆی دەکار کردووەو پێشانی دیترانی داوە.

# ئەستێرە



**دیدەن مەجید**

لە ئاسمانی خۆشەویستی باوەشم بە ئەستێرەیەکدا کرد

نەمزانی ئەستێرە چۆنە کتوپڕ ماچێکم لێکرد

هەستم ئەکرد ئەستێرەی باوەشم زۆر کزو و زۆر داماوە

نەمزانی رووناکی مانگیش لە چاوی ئەو وەگیراوە

ئێستا من لە ئاسماندا پادشای جوانانم هەیە

بۆ هەموو دووریەکی تۆ گۆڕستانی خەمم هەیە

بۆ هەموو جولەیەکی تۆ عەزیزم ناونیشانێکم هەیە

ئێوە هەموو ئەزانن خەڵکینە ئەستێرە لە ئاسماندایە

بەس بڕوا بکەن ئەستێرەی من کچێکە والە دڵمایە.

Didan_٨٦@yahoo.com

# فیلمی زاگرۆس لە هەورامان بەرهەم دەهێنرێ

سەرچاوەیەک ئاشکرای کرد کە فیلمی دیکۆمێنتی زاگرۆس لەلایەن دەرهێنەری ناسراو مەنۆچێهری تەیاب لە ناوچەی هەورامان بەرهەم دەهێنرێ و باس لە کۆچ و کۆچباری هۆزەکان دەکات.

منۆچێهری تەیاب بەوهۆی ئەم فیلمە دیکۆمێنتیەوە دەیەوێ راستیەکانی ژیانی رەوەندایەتی بخاتە بەر دیدەی جیهانیان و سەختی و دژواری ژیان ئەوان بەیان بکات، بەو هۆیەوە هەوڵ دەدات لە شوێنە سەخت و قایمەکاندا وێنە بگرێ.

بەگوێرەی زانیاری دەرهێنەر بۆیە بۆ وێنەگرتنی فیلمەکەی هەڵبژاردووە، چونکە چیای زاگرۆس وەک شورەیەکی بەرزو خۆڕاگری رۆژهەڵاتی ناقین ناسراوەو نەتەوەکان لەوێوە پارێزگاریان لەبوون و ناسنامەی خۆیان کردووە، هەڵبەت نەتەوەی کوردیش بە زاگرۆسەوە سەربڵندو سەرفرازە، زۆربەی دیمەنەکانی فیلمەکەش لە ناوچەکانی کوردستان وێنەیان لێ هەڵگیراوەتەوە.

# هیلتۆن بە نیوەڕووتی لە مۆسکۆ دەسوڕێتەوە

پاریس لەو سەردانەید بە جلی نیوە رووتەوە لەگەڵ ژمارەیەک پاسەوان بە شەقامەکانی شاری مۆسکۆ دەگەڕاو پیاسەی دەکرد، هەر کەسێک لێی نزیک بایەوە، پاسەوانەکانی بە شێوەیەکی توند لێیان دەداو دووریان دەخستەوە.

رۆژنامەکان پێیانوایە کە پاریس لەو سەفەرەدا زیاتر لە ٢٠٠ هەزار دۆلار جلوبەرگ و پێداویستی کڕیوە. لەهەمووی سەیرتر ئەوەبوو کە نۆ هەزار دۆلار سزا درا چونکە لە ژوورەکەی خۆیدا لە هوتێل بە رەش ناوی خۆی نووسی بوو کە سڕینەوەی ئاسان نەبوو، بەڵام پاریس بەو سزا کردنە نیگەران نەبوو، چونکە دەیزانی رۆژنامەکان لەسەر ئەو کارە زیاتر لەسەری دەنووسن، بەوهۆیەشەوە بەردەوام لە رووپەڕی رۆژنامەکاندا دەمێنێتەوە!!



**پاریس هیلتۆن** نمایشکاری بەناوبانگی جلوبەرگ لە دواین سەردانی خۆیدا بۆ مۆسکۆ بە جلێکی ئەوتۆ دەگەڕا کە بنەماڵەکەی هەستیان بە شەرمەزاری دەکرد.

# ژووانگه

## چەند دڵۆپێک!

لە ڕێگەی بڵاوکراوەکانەوە هەواڵ و ڕووداوەکانمان پێ دەگات، زۆربەیان مرۆڤ داخبارو بریندار دەکەن، بۆیە زۆر پێویستە بە ویژدانەوە هەڵیان بسەنگێنین.

هەڵسەنگاندنی دیمەن و ڕووداوەکان کارێکی ئاسان نیە، چونکە کەسانێک هەن دیاریکردنی رامان بە ناحەزی و نەیاری لێکدەدەنەوە، لەوانەیە پێوانەی دوژمنی گەلیشی بۆ بکەن، بەڵام من وا ڕاهاتووم کە قسەی خۆم دەکەم، جا هەرچی دەبێ بابێ، هەرچێ دەڵێن با بیڵێن.

لەم دڵۆپانەدا کورتە بەراوردێک لەنێوان هەندێ دیمەن و ڕووداودا دەکەم کە لەسەردەمی رژێمی بەعس روویان دەداو ئێستاش بەشێوازێکی دیکە دووپات دەبنەوە.

با کەس نان و پیاز بەو بەراوردکاریانەوە نەخوات، چونکە بەهیچ شێوەیەک روخسارو ماهیەتی رژێمی بەعس لەگەڵ هیچ حزب و رژێم و دەستەڵاتدارێکی وڵاتانی جیهان بەراورد ناکرێ.

گۆڕی بە کۆمەڵ

حزبی بەعس لە شوباتی ١٩٦٣ بە کۆدێتا هاتە سەر کورسی حوکم، لە فەرمانرەوایەتیدا رەق و داخ لەدڵ و دڕندە بوو، سڵی لە کوشتن و زیندانی کردن و ئەشکەنجەدانی خەڵک نەدەکردەوە، ئەندامانی بەعس لەنێو خۆشیاندا سەختگیرو رەق بوون، کۆدێتایان لەسەر یەکتر دەکردو یەکتریان دەکوشت،بەڵام دوای بیست ساڵ دەستی بە کوشتنی بەکۆمەڵ و چاڵکردنی خەڵک کرد، بەوهۆیەشەوە لووتکەی دڕندایەتی خۆی پێشانی جیهانیان دا. بە رژێمێکی رەگەزپەرست و کورسی پەرست و خوێنرێژ و ملهوڕ ناسرا و پێناسەی پێدرا. بە تایبەتیش لە دوای هەڵگیرساندنی شەڕی عێراق- ئێران ئیدی بە بیانۆی پاراستنی سەروەری خاکی نیشتمان و کوتاکردنی هەڕەشەو مەترسیەکانی دەرەکی و پیلانی دوژمنان لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا بێباکانە دەستی بە رەشەکوژی و ئەنفالکردن و بەسووتماکردنی کوردستان کرد.

حزبی بەعس لە دڕندایەتی و دژە مرۆڤیدا بێ نموونە بوو، پێویستە هیچ حزب و دەستەڵاتێک لاسایی ئەو نەکاتەوە، بەڵام مخابن دوای لەگۆڕنانی بەعس، ئێستاش رەشەکوژی و چاڵکردنی مرۆڤ و گۆڕی بەکۆمەڵ درێژەیان هەیە، دەستەڵاتی بەغداد خۆی بە خاوەن نازانێ و بەردەوام گروپە چەکدارەکان تۆمەتبار دەکات، بەڵام ئەگەرو شیمانەی زۆر هەیە کە هێزەکانی سەر بە دەوڵەت دەستیان لە کوشتاروگۆڕە بەکۆمەڵەکاندا هەبێ، دەنا کەس بەو بەیت و باڵۆرانە لە خشتە ناچێ و ناتوانێ باوەڕ بەخۆی بهێنێ کە چەکدارو گروپی تیرۆریست ئەو دەستەڵاتەیان هەیە و لە شارەکان و دەوروبەرەکانیاندا خەڵک زیندانی دەکەن و ئەشکەنجەیان دەکەن و بەکۆمەڵیش بارانی مەرگیان بەرسەر دا دەبارێنن!!

دۆزینەوەی ئەو هەموو گۆڕە بەکۆمەڵە کە لێکۆڵینەوەکان بۆ دوای رووخانی بەعس دەیانگێڕنەوە، هەستی مرۆڤ داخبار و بریندار‌دەکەن.

مخابن لە سەردەمی شەڕی نێوەخۆی کوردستانیشدا لایەنە ناکۆکەکان بۆ پاراستن و مانەوەی خۆیان دەستیان لەهیچ نەپاراست، لە هەندێ رووداودا بەکۆمەڵ خەڵک کوژران و تەرمەکانیشیان بزرکران و بە خزموکەسەکانیان نەدرانەوە. تەنانەت ژمارەیەک گیراو تا ئێستاش چارەنووسیان نادیارە، وەک بەرپرسێکی باڵا گوتوویەتی ئەوانیش لەگەڵ ئەنفالکراوەکان هاوچارەنووسن. ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئەو گیراوە کوردانە لەلایەن چەکداری حزبی کوردیەوە فەوتێندران.

**ڕێکار ئەحمەد**

rekarahmed@hotmail.com

www.rekar.org

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com